شانۆنامە

# گوڵێکی سوور بۆ ئیمیلی

نوسین:

## ئیبراهیم ئیبڕاهیمی

ئەم شانۆ نامەی لە دوو کورتە چیرۆکی گوڵێکی سور بۆ ئیمیلی لە نووسینی ویلیام فاکنێر و هەروەها سێ دڵۆپە خوێن لە نوسینی سادق هیدایەت وەرگیراوە.

## کەسایەتێکانی:

**ئیمیلی**

**ماریا،قەرەواشێکی ڕەش پێستە**

**رەبەنە**

**سەر شانۆ:**

**"دیوارێکی شووشە یی لە قوڵایی شانۆکەدا بەدی دەکرێت،دیوارێک کە سەری لە بن میچی سێنەکە قاییم کراوە و لە ناوڕاستی دیوارەکە دا دەرگایەکی شووشە یی بۆ هاتوچوو ساز کراوە،ڕێک لە پشت دیوارەکە پیرە دارێکی سووتاو دیارە،کە لقەکانی بەر بەفری زستانی کەوتون ،لەو شوێنە هەمیشە بەفرێکی بە لێزمە دەبارێت.لە پێشەوەی دیوارەکە و لە لای راستی شانوکە سەکۆیەکێ لێیە کە بە گیاو گوڵی بەهاری ڕازاوەتەوە ،لەو شوێنە هەمیشە بەهارە،لە بەرامبەری ئەو سەکۆیە،سەکۆیەکی تری لێیە کە بە گەڵای پاییزی داپۆشراوە و لەو شوێنە هەمیشە پاییزە".**

## دیمەنی یەکەم

## زستانە،پیری

"ئیمیلی لە کاتێک دا کە جل و بەرگێکی ڕەشی لە بەر دایە و مەلافەیەکی سپی بە سەر لاقەکانی داداوە،لە سەر کورسێکی ڕاحەتی دانیشتووە،ئەو پیرە زۆر پیرە،لە پشت دیوارە شووشەیەکە پشت بە تەماشاوانەکان،ماریا لە ژێر بەفرەکە ڕاوەستاوە،دیارە کە چاوڕوانی کەسێک دەکات"

ئمیلی من زۆر ئامادەم ئازیزەکەم...تۆ ئامادەیت...جلەکانت زۆر جوانن...دەزانم،درەنگ هاتی بەڵام باش بوو

هاتی...من زۆر پیر بووم،بەڵام تۆ هەر وا گەنج جوان ماوی...ئێستا بە من ڕازیت؟...ڕاوەستە بە ماریا بڵێم فەیتونەکەمان بۆ بڕازێنێتەوە....ماریا...ماریا...وەرە ئێمە دەمانهەوێ بڕوین...ماریا)ماریا هیچ وڵامێک ناداتەوە(ماریا ئێمە درەنگمانە...ماریا...ماریا...گۆت لێ نێ...سەگی ڕەشی نفرەتی...)ماریا هیچ وڵامێک ناداتەوە،ئیمیلی لە کاتێک دا کە دەلرزێت زۆر بە دژواری لە سەر کورسێکەی هەڵدەستێ،گۆچانێکی پێیە کە دەیخات پێش خۆی و دەیهەوێت هەنگاوێک هەڵبهێنێتەوە،کە لە ناکاوە دەکەوێتە سەر عەرزی و بە دەنگێکی زۆر ناڕوون کە دەڵێی لە قوڵایی چاڵاوێکەوە دێتە دەرەوە قسە دەکات(بڕوین...ئازیزەکەم...من...سازم...)ماریا،لە ناکاو کەوتنی ئیمیلی دەبینێت،دەگەڕێتەوە تاپرێکی پێیە،بە دەنگێکی کە لە گەروی نایەتە دەرەوە لە پشت دیوارەکە ڕا هاوار دەکات...دەیهەوێت بێتە ژوورەوە...هەموو شۆنێک تاریک دەبێت،ڕووناکی تەنیا لە سەر تەرمەکە ی ئیمیلی دەمێنێتەوە،دەنگی فەیتونێک دێت،ئەسپێک دەحیلێنێت،لە ناو تاریکایی دا تاپوی پیاوێک دیار دەکەوێت،دەرگا شوشەیەکە دەکاتەوە و دەڕواتە دەرەوە و لە پشت دارە سووتاوەکە هوون دەبێت،ماریا لە پڕتاو خۆی بە ژوورەکە دادەکات،تاریکی...بە ڕووناک بوونەوەی شانۆکە ماریا لە سەر کورسێکەی ئیمیلی دیار دەکەوێت.جگەرەیەک دادەگیرسێنێ،زۆر هیستریانە دەگریت(

ماریا تەواو خانمەکەم...ئەو مۆتکەی جێی هێشتین...بخەوە خانمەکەم...ئەو تازە هیچکات ناگەڕێتەوە...ئەو دێوەزمەی پەنجا ساڵ بوو ئازاری دەداین ڕویشت...دوێ شەو نەهات بوو...دەمزانی کە کارەساتێک ڕوو دەدات...پەنجا ساڵ کێشک دان بە منی سەلماند بوو کە ئەو هیچکات دەست لەو ماڵە

ناکێشێتەوە...بەڵام وا نەبوو...سەر لە بەیانی بە خۆم کووت لەوانەی خەوم لێ کەوت بێت و ئەو هاتبێت و نەمزانی،زوو چوم و چاوم لە بن دارەکە کرد،خانمەکەم ئەو دڵۆپە خوێنانەی کە هەموو ڕۆژێ دەڕژانە بن دارەکە ئیتر دیار نەما بوون...

هیچ دڵۆپە خوێنێکی لێ نەبوو..پێم سەیر بوو...تەواوی حەوشەکە بە شوێن ئەو دڵۆپە خوێنانە دا گەڕام....بەڵام هیچ دڵۆپە خوێنێکم نەدۆزیووە.

(جگەرەکەی بە لێو دەگرێت و چەند پۆکی قورسی لێدەدات،دەستەکانی دەلەرزێت،گریانەکەی توندتر دەبێت)

هاوین بوو...چ هاوینێک بوو...گەرما پێستی لەشی ئینسانی دەبرژاند....خوێنی لە دەمارەکان دا وشک دەکرد...ڕۆژانە کەس نەیدەوێرا لە ماڵەکەی بێتە دەرەوە...درەنگانی شەو،خانم هاواری کرد...ماریا...ماریا،بە پەلە لە پێپلیکانەکان وەسەر کەوتم...کاتێک گەیشتمە سەرەوە خانم ڕەنگی بە ڕۆوە نەمابوو...سپی سپی هەڵگەڕا بوو،دەتکوت،ڕووحی لە جەستەی جیا ببووە...هاواری کرد ئەو تفەنگەم بۆ بێنە پەلەی بکە...وتم،شتێک رووی داوە خانمکەم...بەڵام ئەو بە سری دا قیژاندم و وتی ئەو تفەنگە نفرەتێم بۆ بێنە...منیش هەر وام کرد،لە دەلاقەکەوە،چەند کەسێکم دیت کە لە ناو حەوشەکە دەگەڕان وو دار و بەردیان بۆن پێوە دەکرد...ئەخە لە نێو شاری دا هەواڵێک بڵاو ببووە ...خەڵک دەیانووت ماڵی ئیمیلی بۆنی گەنیوی گرتووە و ئەگە چارەسەری ئەو بۆنە نەکرێت خەڵکی شاری نەخۆش دەکەون،هەڵبەت چەند ڕۆژ لەمەو بەر لە شارەوانی ڕا هات بوون و دەیانهەویست تەواوی ماڵکە بە شوێن ئەو بۆنەدا بگەڕێن کە چی خانم بەرانگاریان بووە و نەیانتوانی ئەو کارە بکەن...ئەو شەوە خانم دەسرێژێکی چاکی لێ کردن و ئەو کەسانەی لە حەوشەکەدا دەسووڕانەوە لە ترسی گیانیان هەڵاتن،بەڵام خانمەکەم دەست بەردار نەبوو..زوو زوو خەشابەکەی پڕ دەکردەوە و دەسرێژی دەکرد...هاواری دەکرد دوور بنەوە نەفرەتیانە چیتان لێمان دەوێت...لە پڕ لوولە ی تفەنگەکەی بەرەو دارەکە گرت...هاواری دەکرد،لە گەڵ تۆشمە نفرەتی،کەی دەتهەوێ دەست لە ژیانم هەڵگری...هەڵفرە...تکات لێ دەکەم هەڵفرە و بهێڵە بە ئاسودەیی خەوم لێبکەوێت...ئەوەندی ئەو کارە دووپاتە کردەوە کە دەستەکانی هێزیان تێدا نەما و لە شوێن خۆی کەوتە سەر چۆک و تفنگەکە ی فڕێ هەڵدا بۆ لای من...زۆر ترسا بوم...وتی هون بە لە بەر چاوم...بەیانی لە بازار باس باسی تەقە کردنی ئەو شەوە بوو،من چو بووم هێندێک کەل و پەلی ماڵێ بکڕم،کاتێک کە گڕامەوە دیتم خانم لە ژێر ئەو دارە خەریکە بە دەستەکانی عەرزەکە هەڵدەکۆڵێت...ووتی جوان چاو لێبکە ماریا،ئەو هەمووە خوێنە ببینە کە تا کۆ ڕیشە ی داکوتاوە...چاو لێبکە ڕیشەی ئەم دارە هەمووی خوێنی لێ دەتکێت،ئەم کوندە شەوانە ئەوەندە لێرە دەخوێنێت تا گەرووی پڕ دەبێت لە خوێن...خوینەکەی دەتکێتە بن ئەم دارە،دەبینی کە ئەو خوێنە خەریکە تا کۆ ڕیشە دادەکوتێ دەترسم ڕۆژێک ماڵەکەمان نوقمی ئەو خوێنە ببێت...خانمەکەم ساڵیانێکی زۆر بوو نەخەوت بوو چاوڕوان بوو ڕۆژێک ئەو کوندە بکوژێت بەڵام هیچکات سەر نەکەوت...تا ئەویکە ئەمڕۆ ئەم کوندە بۆ هەمیشە جێی هێشتین...بۆ هەمیشە...

من بۆ لێرەم...دەبێ بڕۆم...دەبێ شادیانە بگێرم...ڕزگاریم هات لەو خەونە هاڵۆزە....
(جگەرەکەی لە قۆنداغی تفەنگەکەی دا دەکوژێنێتەوە و لە پاشان تفەنگەکەی لە سەر کورسێکە جێ دەهێڵێت بە خۆشحاڵییەوە بەرەو دەرکەی دەرەوە دەڕوات،لە ناکاو ڕادەوەستێ.دەگەڕێتەوە...دەگری...بەرەوە کورسێکەدێت...ڕادەوەستێ،ئەندامی گیانی دەلرزێت...دەست دەداتە تفەنگەکە و بە ترسەوە تفەنگەکە لە ژێر چەنگەی دەگرێت....تەقە دەکات...تاریکی)

***

## پاییزە

"سەکۆی گۆشەی چەپی شانۆکە کە بە گەڵا پاییزی ڕازاوەتەوە،ڕوناک دەبێت،لە ئاسمانەوە گەڵای ڕەنگا و ڕەنگی پاییزی دەبارێت،خانم جحێڵ بۆتەوە،جلێکی سەرتاپا سوری لە بەر دایە و ورینگەی گۆرانی لە بەر لێوێ وە دێت هەرچەند ئێمە نازانین ئەو چ گۆرانێک دەلێت و دەنگی بە ڕوونی نابیسترێت.کۆتێکی پیاوانەی بە دەستەوەیەو خەریکە،بڕۆسی دەکێشێت و هەرچەند کەڕەت جارێک کۆتەکە لە باوەش دەکوشێ و لە پاشان لە خۆی دور دەخاتەوە بۆ ماوەیەک چاوی لێدەکات و دیسان لە خۆی دور دەکاتەوە،ماریا لە پشت دەرکە شووشەیەکەوە بە تفەنگەکەی وە ڕاوەستاوە،لەو شوێنە ی کە ئەو ڕاوەستاوە بە لێزمە بەفر دەبارێت(

ئێمیلی )لە کاتێک دا کە دڵخۆشە(وەرە ئازیزەکەم،تەواو بوو..زۆر جوان بووە...هۆمێر گیان،ئازیزەکەم...دەنگم نابیسی...زوو وەرە تا درەنگ نەبووە با بڕۆین...خەڵکی ئەو شارە بە گشتی ڕقیان لێمانە،چاو ڕێن درەنگ بگەینە شوێنێک...گشتیان باسمان دەکەن...دەستت بۆ بریندار بووە...بە ماریا بڵێم بێتە یارمەتیت...ئەرێ هەر وا لە دەرێیە....شەو و ڕۆژ خەریکی کێشک دانە...تۆ دەڵێی من چ بکەم...ئەو کوندە نگریسە ژیانی پێ تاڵ کردووین...ژیانی پێ تاڵ کردووین،دەستمان لێ
هەڵناگرێت...چاردە ساڵە خەو و خۆراکی لێ هەڵگرتووین...لەو ڕۆژان دا هەم ئەو ئاگر تێ بەر دەدەم هەم دارەکەی و هەم ئەو ماڵە ڕەشە...تۆ ڕاست دەکە ی ئەگە ماڵەکە ئاگر تێ بەردەم خۆمان بچینە کوێ...هەڵبەت شایەد خۆشمان لەو ئاگرە دا بسوتێین...وەرە کۆتەکت لە بەر کە...چی ناتهەوێ...یانی چی هۆمێر من هەموو ڕۆژێ خەریکی خاوێن کردنەوەی ئەو کۆتە نفرەتێی تۆم...تۆ ئەو کۆتەت زۆر خۆش دەویست...ئێستا تۆی نەفرەتیش دەڵێیت نامهەوێ...ببورە،ئازیزەکەم...ببوورە نەمدەویست پێت بڵێم نفرەتی...لە من دڵگران مەبە...دەمهەویست بڵێم پێم خۆشە ئەو شۆ ڕازاوە بین،هەر دووکمان...دەمهەوێت،مەستی مەست بم...دەمهەوێ تا بەرە بەیانی لە باوەشی یەکدی دا سما بکەین...دەزانی خەڵکی ئەو شارە لەوەیکە ئێمە عاشقی یەکدین بێزارن...

تۆ تازە هاتوویە ئەم شارە خەڵکەکەی بە باشی ناناسی...حەموویان مشتێک گەمژەی نەفامن...ماریا دەڵێت ڕۆژانە فەقەت لە پشت سەرمان دەدوێن...دەڵێن چی؟...پێم ووتی خۆ ئێرەیمان پێ دەبن کە ئێمە بە یەکەوە هەڵدەستین و دادەنیشین...بە ماریام لە ڕقی وان بڵێت کە خانم بەو زوویانە لە گەڵ هۆمێر زەماوەند دەکات...ماریاش هەر وای کووت،ئێستا لە شاری دا بڵاو بۆتەوە کە ئێمە بە زووی زەماوەند دەکەین،هەر بۆیە پێم خۆشە ئەو شۆ بە جوانترین شێوە دەرکەوین...چی؟...مەبستت چییە...نەدەبا ماریا وای کووتبا...بەڵام هۆمێر تۆ منت خۆش دەوێت...یانی چی هێشتا زوویە کە باس لە زەماوەند بکەین...بەڵام هۆمێر تۆ تەنیا یەک بژاردەت هەیە،ئەویش زەماوەند کردنە لە گەڵ ئەمن)دەنگی کرانەوەی دەرگایەک دێت،لە هەمان کات دا دەنگی هەنگاوەکانی کەسێک لە ڕێرەوەکە دا دەبیسترێت(دیسان دەتهەوێ بۆ کۆ بچی...دەزانم دەگەڕێیتەوە...دەچیت بۆ کۆ؟...ڕاوەستە منیش دێم لە گەڵت...ڕاوەستە...

)سێبەری پیاوێک دەکەوێتە سەر دیوارە شووشەیەکە...دیوارەکە بە ڕەنگی سوور دەردێت...ئیمیلی هەنیسک دەدات(

دەزانی چێ تۆ بۆت گرینگ نێ خەریک چ روو دەدات...تۆ پێت وایە من ئازارت دەدەم...لە بیرت چۆتەوە کاتێک کە هاتبوویە ئێرە...

)کۆتەکەی کە لە ناو دەستی دایە بە سەر شانی دادەدات و کۆتەکەی ئەوەندە بڕۆس کێشاوە کە ڕیشاڵ بە ڕیشاڵ بووە .کڵاوێکی پیاوانە لە سەر دەنێت و جگەرەیەک لە دەست دەگرێت،سێبەری پیاوەکە کە زاهیرەن چاو لەوی دەکات،دەگەڕێتەوە و ڕادەوەستێ(

سڵاو خاتوو ئیمیلی،من باڕۆنم،هۆمێر باڕۆن،لە گەڵ کوڕەکان لە شارەوانییەوە هاتووین،تا دەستێک بە سەر حەوشەکە و گوڵ و گیایەکانی بکێشین،بە داخەوە گیای هەرز تەواوی باغچەکەتانی تەنیوە،شارەدار ڕێزێک زۆری هەیە بۆ خۆتان و باوکی بە ڕێزتان....ئەو...ئەو ...ببوورن هەر لە بیرم نەبوو سەرخۆشی کۆچی دوایی بابی بەڕێزتانن لێ بکەم،هیوادارم بمبوریت،لە دەست دان باب بە ڕاستی کارەساتێکی گەورەیە،لە قوڵایی دڵمەوە سەرەخۆشیتان لێ دەکەم.

)ئێمیلی ئارام دەبێتەوە،چاو لە چاوی هۆمێڕ دەبڕێت (

سپاس بەڕێز باڕۆن،سپاس بۆ هاودەردێکەتان.

ئەو کات زۆر گەنج بووین،تۆ چاوت لە سەر چاوم هەڵ نەدەگرت و منیش تامەزرویانە نووقمی نیگاکانت ببووم...گۆم دەدەیەی هۆمێڕ...دەزانم هێشتا لە وێیت...

تۆ پیاوێکی کەڵەگەت بووی،بە دوو چاوی شینەوە کە لە ناو دەم وو چاوە پانەکەت دا وەک ئەڵماس دەدرەوشانەوە،قژێکی خورمایی و ردێنێک تسکت هەبوو،دەمزانی لە دوونیایەکی تر را ڕێت کەوتۆتە ئەم وڵاتە...دەنگی پاچ و قوڵینگ دیلە ڕەشەکانت،نەیاندەهێشت بە باشی گۆم لە دەنگت بێ،بەڵام دەنگت دەیلاواندمەوە،تا هێشتا هیچ پیاوێک نەیتوانی بوو ئەو ها سەر سامم بکات...نازانم...بەڵام دیار بوو لە مێژ بوو چاوڕوانم کرد بووی.

)کڵاوەکەی لە سەر دەنێتەوە و دەبێتە هۆمێر(

-شتێک قەوماوە خاتو ئیمیلی...بوونی من لێرە ئازارتان دەدات...ببوورن دەزانم،خەڵکانی ئێرە،ڕقیان لە یانکێکانە...کوڕەکان ئەگە کاریان تەواو بێت زوو دەڕۆین.

)ئێمیلی کە دیارە ترساوە و دەست و لاقی هون کردوو،بە شەرمێکی کچانەوە (

بوەستن...من ڕقم لە هیچ یانکێک نیە...تکایە وەرە ژوورەوە...خۆشحاڵ دەبم کە قاوەیکمان لە لا بخۆیتەوە.فرموون...تکایە.

تۆ دەتوانی نەییەتە ژورەوە،بەڵام هاتی و ئەوە دەستپێکی خۆشەویستی بوو هۆمێر...دەزانی هۆمێر من هیچکات نەمدەوێرا ئەوینی پیاوێک قەبووڵ بکەم...بابم هیچکات نەیدەهێشت،هیچ پیاوێک لێم نیزیک ببێتەوە.

)لاسایی بابی دەکاتەوە(

کچی من،کچی پیاوێکی بە شەڕفە،ئەو لە بنەماڵەی گریسێنە گەورەکانە...هیچ کەس بۆی نیە خۆشەویستی خۆی پێشکێش بکات،ئەو تەنیا یەک خۆشەویستی هەیە ،ئەویش بابێتی...هەر گەمژەیەک ناتوانێ بە گوڵێکەوە پەیدای بێت و ئەو لە من بستێنێت...جوان گۆیەکانت بکەوە کچی چاک...هەرکەس بیهەوێ خۆشەویستیت لە گەڵ بکات لە باتی ئەوینی گەرمی تۆ،گوڵڵە ی گەرمی من دڵی لێک پرش و بڵاو دەکات...زانیت...پەس پێم کووت بێیت کە هیچ کات ئیزن بە کەس مەدە دڵت لێ بستێنێت...دوێنێ یەکیانم بۆ هەمیشە لە کردەوەی خۆی پەشیمان کردەوە...پیاوێکی هولەندی بوو،دەیکووت تاجرم...چند جار هاتوومەتە ماڵی ئێوە و لە وێ کچەکەتم دیوە...نەمدەناسی...قەتم نەدیتبوو...دەیکووت،دەمهەوێ کچەکت بخوازم بۆ خۆم...کە وای کووت خوێن لە مێشکم دا کۆ بۆ وە دەستی کردن بە جمان...لە نێوان جەماعەت دا بە تواوی هێزی خۆمە وە مستێکم لە دەم و ددانی ڕاکێشا...ترسا بوو گەڕاوە بێت بۆ لام...دەمانچەکەم دەر کێشا....خەڵک کە ئەوەیان دیت هرژمیان بۆ هێنام کە بموەستێنن،بەڵام من تورە بوم...پەلاپیتکەکەم داگرت بوو...لە ناکاو خەڵک هەر یەکە و بە شوێنێک دا ڕایان کرد...پیاوە هولەندێکە لە بەر لاقەکانم کەوت بوو و بە چاوەکانی لێم

دەپاڕاوە کە دەست بەرداری بم...چاوم لێ کرد خوێنی لە بەر دەڕوات...کە جوانم سرنج دایە...دیتم چۆکی لە بەر یەک بڵاو بووە...زانیم تازە ئەو لاقە بۆی نابێتەوە بە لاق...تفێکم لێ کرد و جێم هێشت...لەو بەدوا بۆ ئەویکە کەس نەتبینێت،هیچ کات لە وەتاغەکەت نایێ یێ دەرەوە...پێویستیت بە هەر شتێک بوو ،ماریا بانگ بکە...نامهەوێ ئیتر لێرە بتبینمەوە...

بابەکە تورە بوو زۆر پیس تورە بوو..پازدە ساڵ لە ژێر وتاغێک تەنگ و تاریک و پڕ لە تەم و مژ...بڵێی چ بە سەر مروف بێنێت،ڕۆژێک کە تۆ هاتی سێ چوار ڕۆژ بوو ،بابم کۆچی دوایی کرد بوو...دوای پازدە ساڵ کە هیچ پیاوێکم لە نیزیکەوە نەبینی بوو تۆ هاتی...نازانم چ رووی دا بوو کە تۆ هاتی

)دەنگی تەقەی تفەنگێک دەبیسترێت،سێبەری پیاوەکە هوون دەبێت،دەنگی قەلە ڕەشەکان لە دوور را دەبیسترێت،ئیمیلی دەگەڕێتەوە و چاو لە پشت سەری دەکات.(

لە گەڵ تۆمە نەفرەتی مەڕۆ...بگەڕێوە...

)تاریک دەبێت تەنیا نوورێکی کەم دەمێنێتەوە،لە پشت دەرگا شووشەیەکەوە روح گەلێکی زۆر دەست دەکن بە جموو جۆڵ،لەو جمو جۆڵانەیان دا،ماریا پەلامار دەدەن.ماریا دەکەوێت و هەڵ دەستێتەوە،لە پاشان پاڵ بە دیوار شووشەیە کەوە دەدات و چاو لە تەماشاوانەکان دەبڕێ،ترساوە...جمو جۆڵی روحەکان تا دێت و زیاتر دەبێت،نورێک لە سەر ئیمیلی هەڵ دەبێت،کۆتەکەی لە بەر خۆی دا دەر هێناوە و مەلافێکی سپی بە سەر خۆی کێشاوە،ڕاکشاوە،خۆ خڕ کردۆتەوە(

ئەم وەتاغە زۆر ترسناکە...بابە...بابە...بابە تو خودا وەرە رزگارم بکە...بڵێن بێت ئیتر دەرگا لە کەس نەکەمەوە...من لێرە دەترسێم...من لە تەنیایی دەترسێم...لێت بێزارم بابە...ڕقم لێتە بە تەواوی وجودمەوە.

)دەنگی کرانەوە دەرکێک دەبیسترێت،نورێک هێرش دێنێتە ژورەوە(

کێ لەوێیە...

)هیچ دەنگێک نابیسترێت(

کێ لە وێیە

)ترساوە(

توی بابە...من لێرەم بابە...

)دەنگی شکانی شوشەیەک،دەرگاکە دادەخرێتەوە(

ماریا،ماریا...توی؟

)دەنگی پشیلێک دەبیسترێت(

پشیلە ئەویش لێرە؟...

)بریقەی چاوی پشیلێک لە تاریکانی دا دیار دەکەوێت(
وەرە ئێرە...لە گەڵ تۆمە وەرە ئێرە...زوو کە...ئەوە چییە بە دەمتەوە...خودایە گیان چەندە سپییە...بیهێنە بیبینم...خودا گیان ئیوە دو دانەن...وەرە پێشەوە هیچ کارێکم پێتان نیٛ...وەرە پێشەوە...تۆ دەتهەویٛ شتێکم پیٛ بڵێیت؟...دەڵێی چی؟
)وەک پشیلەیەک هەڵسو و کەوت دەکات(
ئێمیلی چە ئاژەڵێکی نگریسە ئەم بەشەرە...جوان چاوم لیٛ بکە ئیمیلی...جوان چاووم لیٛ بکە ئیمیلی سینگم خەریکە دەسووتێت...تەواو ماسولکەکانم لە ناو چوون....بێچۆکانم،هەموو بونەتە خەڵووس...مناڵەکانیان ئاور
داوم...ئێمیلی)ئێمیلی دەخزێتە بن مەلافەکە ی(تۆ هەر بە ڕاست بە زمانی ئێمە دەدەویٛ...تاریکە ناتوانم بە باشی بتبینم)پشیلە(گۆت لێیە ئیمیلی...دنیایەکی خراپە...خۆین ئیمیلی...ئەوەندەم خۆێن لە بەر ڕۆیشتووە کە....خەریکە بڕستم لیٛ هەڵدەگیرێت...توانم لە لەشی دا نەماوە...پشیلەکان ئاژەڵێکی سەیرن ئیمیلی...ئەوان هیچکات ڕای نایەن...هیچکات متمانە بە کەس ناکەن...ئێشم هەیە ئیمیلی...

ئەو شۆ دەنگە دەنگی ئینسانەکانم دەبیست...گۆم لیٛ بوو کە دەهاتن بۆ لای من و بێچووە بێچارەکانم...تا هاتین دەرباز بین،یەکێکیان گەیشتە سەرمان...من تەنیا ئەم یەک بێچوویەم بە دەمەوە بوو کە ڕزگاری کەم...نەمدەتوانی ئەوانی تریش هەڵگرم...مروڤ ئاژەڵێکی سەیرە هیچکات ڕێساکان لە بەر چاو ناگرێت...ئەو هەزاران ساڵە ی کە دەڵێن گوزەراوە تا بەشەر کامل بوون بگات هەمووی درویە...بەشەر هیچکات کامل نابیٛ...بەشر تا دێت بیٛ رووحم تر دەبێت.
)دەبێتەوەئێمیلی(
پشیلە ی...نازانم ناوت چییە...چۆن دەتوانم بانگت بکەم...بەڵامتەواو ئەم شتانە ی باست کرد...من دیومە...بە چاوی خۆم دیومە...هەستم پیٛ کردووە...بە ئێسک و پێست هەستم پیٛ کردووە...بەشەر دوا کەوتوو ترین ئاژەڵی سەر ئەم هەردەی...لە پێشاهەنگی هەمووشیانەوە بابمە...بابم هیچ بۆنێکی لە کامل بوون نەبردووە...ئەو هێشتاش لە سەردەم ناندرتاڵەکان دا ماوەتەوە...ئەو هیچکات ڕام نەبووە...هیچکات
)دەبێتە پشیلەکە(
ئیمیلی ئاوریان هەڵکرد...شەش بێچووی بێچارەی منیان خستە ناو ئاورەکەوە...ئێشم هەیە ئیمیلی...من خەریکم ئەسووتێم...بێچووە بێچارەکانم دەیانقیژاند...مرۆڤەکان بە دەنگی بڵیند پیٛ دەکنین...لە سەر دیوارەکەوە من تەنیا چاوم لیٛ دەکردن...یەکێکیان دەست ڕێژی لیٛ کردم...من تەنیا توانیم ڕا بکەم...لە را کردن دا بووم ...کە هەستم کرد...

**تیخێک سینگم دادەبڕێت...چاوم لە بەر لاقم کرد ئیمیلی...جەرگ و ریخۆڵە و سێیەکانم دەکەوتنە بەر پێم و دەفلیقانەوە...چاو لێ بکە ئیمیلی...ئێستا ناخم بەتاڵ بووە،دەبینی،من تەنیا ئە یەک بێچوویەم بۆ ڕزگار بوو...تەنیا ئەو یەکە...ڕای گرە ئیمیلی...تۆ مرۆڤێکی کە لە تەواو مرۆڤەکان دا بڕاوی...تۆ مرۆڤ ترینی مروڤەکانی...**

**)ئیملی دەخزێتەوە ژێر ملافەکەی(**

**من مرۆڤ ترینی،مرۆڤەکانم،من مرۆڤ ترینی مرۆڤەکانم...من مرۆڤ ت...**

**)لە دەرەوەی دەرگا شوشەیەکە،هەڵا و هەنگەمەیەک ساز دەبێت،ماریا بە دەنگێکی نا ڕوون گۆرانی دەڵێت...تاپۆکان لە پشت سەری ماریا دەستیان کردووە بە جم و جۆڵ،دەنگی قەلە رەشەکان و گورگەکان دەبیسترێت.(**

**بەهارە**

**(لە لای بەهاری شانۆکە،ئیمیلی بە دامێنێکی سپی و کۆتێکی سەوزەوە دا نیشتووە،ماریا بە تاپڕەکەی لە بەرامبەری دا ڕاوەستاوە(**

**ئیمیلی ڕۆژا ئاوا بوونی بەهار زۆر خەفەت هێنە**

**ماریا بۆ وا بیر دەکەیتەوە خاتونەکەم،من بەهارم زۆر پێ خۆشە،بە تایبەت ڕۆژ ئاوا ـوونەکانی.**

**ئیمیلیتۆ گەمژەیت ماریا هیچ نافامیت...چاو لەو ماڵە کە ماریا چاو لێکەو ببینە کە چۆن خەریکە**

**لە بەر یەک هەڵدەوشێت...سەوزەکانی دەور و بەری ببینە...دارە سەر سەوز و جوانەکانی ئەم دەشتە جوان چاو لێبکە،ئەو هەتاوە سورە ببینە کە چۆن خەریکە نوقم دەبێت لە پشت کێوەکان.**

**ماریا دەی خۆ خانمەکەم ئەوانە هەمووی هەر جوانن!!**

**ئیمیلی:ئەو ماڵە رەش چی ماریا...ئەو ماڵە ڕەش ڕێک وەک پەڵەیەکی نفرین کراوە کە لە ناو**

**تەواو ئەو جوانیانە ی کە تۆ باسیان دەکەی شین بۆتەوە و وەک شێرپەنجەیەکی نگریس دەچێت،کە لە ئاکام دا تەواوی ئەو سەوزایانە قووت دەدات.**

**ماریا: خانمەکەم بۆ دونیاتان کردۆتە چەرمی چولەکە...تۆزێک ئەم چاویلکە رەش بینەتان وەلا نێن...ئەو ماڵە هیچی نێ تەنیا دیوارەکانی برێک ڕەش بوون...لەو ڕۆژانە دا دو دانە بۆیاغچی بانگ دەکەم و دەڵێم کە بۆتانی سپی سپی بکەنەوە...**

ئیمیلیک ماریا تۆ پێت وایە کە بە سپی کردنەوە دەتوانین ئەو ڕەشایە لە ناو بەرین؟

ماریا: بە دڵنیایەوە وایە خانمەکەم.

ئیمیلی: تۆ زۆر خراپ بیر دەکەیەوە مایا،ئەو ماڵە دڵی ڕەش بووە،وەک خۆی کە خەریکە تەواوی ئەو بەهار قووت دەدات.

ماریا: خانمەکەم،هەموو شتێک سەر لە نوێ باش دەبێتەوە...ڕەوشتی بەهار ئاوایە...ژیانی تازە دەبخشێتەوە...خانمەکەم تۆ لە ناو ئەم وەتاغە تەنگ و تاریکە دا تەواو ڕوانگەت گۆڕاوە...جیهان زۆر ڕەش دەبینی،ڕەشایی ئەم وەتاخە تاریکە لە چاوەکانت،دور خەوە...چاو لێبکە خانمەکەم،ئێستا بەهارە و تۆش ئازاد بووی...ئەویش لەم وەرزە جوانەدا کە خۆی هێمای ئازادیە...تازە ئیتر هیچکات ئەم سێبەرە نگریسە نایەتەوە شوێنتان...

ئیمیلی: بۆ بیر دەکەیتەوە تازە نایاتەوە شوێنم.

ماریا :بەو هۆیە کە ئێستا لە یەکێک لە ژورەکانی ئەو ماڵە دا مردوە ،جەستەی خەریکە دەڕزێت...پێویست ناکات ئێوە چیتر بچنەوە ناو ئەم ژوورە تەنگ و تاریکە.

ئیمیلی: تۆ دەزانیت ئەو جەستەیەی کە لە ناو ئەو ماڵە دا خەریکە دەڕزێت،بابی منە...هەموو کەسی من...ماریا ئەو بەڵام هیچکات ئەوەی نەدەزانی...ئەو نەیدەتوانی ئەوە بفامێت...دڵی ڕەش ببوو...ڕەش ڕەش...دەزانی کاتێک لە وە قسە دەکەم کە ئەو ماڵە خەریکە تەواوی جوانێکانی دەور و بەری قووت دەدات لە چی قسە دەکەم...دڵی ڕەشی باوکم هیچکات دەست لە یەخەمان ناکاتەوە.

ماریا: خاتونەکەم،باباتان ئیدی لە ژی اندا نەماوە...ئێستا ئەوە ئێوەن کە خەریکن دڵی خۆتان ڕەش دەکەن...فرێی دەن ئەم هەمۆ نەفرەت و ڕەش بینیە...دڵنیا بن کە هەموو شتێک باش دەبێتەوە...فەقەت خانمەکەم دەبێت فکرێک بۆ تەرمی بابتان بکەنەوە...مانگێکە لە پشت میزی نان خواردنەکە مردووە و هەر وا چاوی بڕیوەتە دەرکی دەرەوە...تەرمەکەشی وها ڕزیوە کە لە بەر بۆگەنیوە کەی ئیتر ئەو ماڵە بۆ ژیان نابێت،ئیزن بدەن کە تەسلیم بە خاک بکردرێت...

ئیمیلی: )هاوار دەکات(بەسە ماریا دەمت داخە...ئەو تەرمە نەفرەتییە دەبێ بۆ هەمیشە لەوێ بمێنێتەوە...عەتری لێدە ماریا...عەتری لێدە....ئەوەندەی دەتوانی عەتری لێدە...

ماریا :خانمەکەم هیچ عەترێک کاریگەری لە سەر ئەو بۆگەنیوە نەماوە...تەرمی باوکی بەڕێزتان وەها ڕزیوە کە خەریکە هەلا بە هەلا دەبێت...کوچەو کۆڵانەکان خەریکن بۆن دەگرن...دەر و جیرانەکان هەموو شکیان کردووە کە باوکتان لە ژیان دا نەماوە...

ئیمیلی: بە جار و جەهەنەم زانیویانە...با بزانن...من نامهەوێ بابم تەسلیم بە خاک بکەم...دەمهەوێ هەر وا لەوێ چاو لە دەرگاکە بکات...دەمهەوێت ببینێ کە ئەمن هەموو ڕۆژێ لەو دەرگایە دەچمە دەرەوە...دەمهەوێت ببینێ کە پیاوەکانی ئەم شارە سەردانم دەکەن...دەمهەوێ ببینێت کە لە گەڵ وان ئێواران دادەنیشین و قاوە دەخۆینەوە...دەمهوێ دەنگی قاقاکانمانی گۆ لێ بێت...دەمهەوێ ببینێت کە لە باوەشی پیاوێک دا سما دەکەم...دەمهەوێ تەواوی ئەوانە ببینێ...دەمهەوێ بمبینێ...دەمهەوێ چاوەکانی تا لە کاسەی سەری جودا دەبنەوە...شاهیدی ئەو ڕووداوانە بن...ئێستا زانیت بۆ من نامهەوێ ئەو تەسلیم بە خاک کەم...

ماریا :خانمەکەم تکاتان لێ دەکەم دەست هەڵگرن،ئەو ئیتر مردووە و ناتوانێ ئەو شتانە ببینێت...ئاوا بەو بۆنەوە دڵنیا بن هیچ پیاوێک سەردانتان ناکات...هیچ سەمایەک لە گۆڕێ دا نابێ خاتونەکەم...ئێوە پێتان وایە کە خەریکن تۆڵە دەستێننەوە بەڵام تۆڵە لە کێ؟ لە مردوویەک؟خاتونەکەم ئاوا تەنیا ئێوە خۆتان دڵڕەقتر دەبن...باش بیر بکەوە خانمەکەم...ئێوە تازە لە تەنیایی ڕزگارتان بووە،مەهێڵن دیسان تەنیا بمێننەوە...بەو کارتان زۆرتر تەنیا دەمێننەوە...لێگەڕێ کە تەرمی باوکتان بە ڕێزەوە تەسلیم بە خاک بکردرێ...تکاتان لێ دەکەم ئەم کایە ترسناکە بۆ هەمیشە تەواو بکەن.

ئیمیلی: کام کایە ماریا...ئەوە تەواوی ڕاستەقینەی ئەو ماڵەیە دەزانیت...من هیچکات ڕازی نابم ئەم تەرمە لەو ماڵە ببردرێتە دەرەوە...هیچکات.

ماریا: ئەمڕۆ لە شارەوانیوە،هاتبوون خاتوونەکەم...هەموان زانیویانە کە تەرمێک لە ماڵی ئێمە دایە...

ئیمیلی: هێندە زار بە هاواری بۆیە...

ماریا: خانمەکەم،ئێوە خۆتان دەزانن کە ئەمن لەو شارە دا لە گەڵ کەس قسە ناکەم...دراوسێکان سکاڵایان تۆمار کردووە.

ئیمیلی: نفرەتیانە...ئیزن بە کەس نەدەیت بێتە ناو ئەو ماڵەوە...زانیت...هەر کەس کە هات بەم تفەنگەت لە کەلەی سەری دە.

ماریا: بەڵام خانمەکەم...ئیتر درەنگ بووە...لە شارەوانیوە نامەیەکیان بۆ هێناون...هەڵبەت ئاگانامەیەکە...

ئیمیلی: ئاگانامە...ئاگانامە ی چی؟

ماریا: کاتیان داوینەتێ تا سبەینێ تەرمەکەیان تەحویل بدەین،ئەگینا هێز بە کار دێنن.

ئیمیلی: بە نەفرەت بن...نەفرەتیانە...هیچ کەس بۆی نییە دەست لەو تەرمە بدات.ماریا پێیان بڵێ حەق هاتنە ژورەوەیان نێ...زانیت...

ماریا: بەڵام خانمەکەم ئەوان بە حوکمی دادگاوە دێن.

ئیمیلی: هەر ئەوەی کووتم...ئێستا تۆ لێرە چ غەڵتێک

دەکەی؟

ماریا :بەڵام خانمەک....

ئیمیلی: لە بەر چاوم گوم بە

)ماریا دەیهەوێت بڕوا(

هەر بونەوەرێکی بە بن ئەو ماڵە دا تێپەڕی وە بەر گوللە بدە...حاڵی بووی...مێشکی سەری بڵاو بکە

ماریا: )دوو دڵە(خاتونەکەم ئەوان ئەمن دەکووژن...پێتان وایە ژیانی ئێمەی ڕەش پێست لای ئەوان ئەسڵەن گرینگە...هەڵبەت خانمەکەممن ئەسڵەن لام گرینگ نییە کە دەکووژرێم...بەڵام ئەوان دواتر هێرش دەکەن سەر خۆتان...ماڵەکەتان ئاگر دەدەن خۆشتان هەڵداوەسن...ئێوە خۆتان دەزانن کە ئەوان چەندە بێ بەزەیین.

ئیمیلی: )ئەسڵەن گۆ ناداتە قسەکانی ماریا(خۆ من لە ئاگام دا دەزانم کێ زاری کردووتەوە...خودا بکەم ئەو کەس تۆ نەبو بێتی...چون دڵنیا بە ئەگە تۆ دەمت کرد بێتەوە ناو دەمت پڕ دەکەم لە گوللەی داغ...

ماریا: )هەنیسک دەدات(خانمەکەم خۆ ئێوە دەزانن ئەوەندەم لە گەڵ خەڵکی ئەم شارە قسە نەکردووە کە خەڵکی وەدەزانن لاڵم...لە پاشان بۆ خۆتان بە باشی دەزانن کە باوکتان رۆژانە هەمیشە لە بن دەرکی حەوشەکە دادەنیشت و جنێوی بە خەڵکی دەفرۆشت،رۆژ نە بوو شەرێک لە شاری دا ساز نەکات...هەموو رۆژێ مەست مەست بە نێو شەقامەکانی ئەو شارە دا دەخولاوە...

ئێوە دەڵێن تەرمەکە بۆنی نەگرتووە...زۆر باشە با وابێت...ئەدی هون بوون بابتان چۆن بە خەڵکی بسلمێنین،بڵێین چیان لێ هاتووە؟

ئیمیلی: بڵێ چۆتە سەفەر یا چوزانم بڵێ نەخۆشە چۆ چارە سەری بۆ بکردرێت.

ماریا :ئەوان باوەڕ بە من ناکەن، خۆتان پێیان بڵێن...من ئەو رۆ دیمەنێکی سەیرم چاو پێکەوت خاتون

ئیمیلی :دیمەنێکی سەیر؟!

ماریا: دیتم کە ئەو دارە سووتاوەی حەوشەکە کە ساڵیانێکی زۆرە هیچ برێکی نەهێناوە ، گوولێکی سووری لێ روواوە...

ئیمیلی: شێت بوویت،ئەوندە نەخەوتویت چاوت رێشکە و پێشکەی کردووە...

ماریا :نا خاتوونەکەم شێت نەبووم...ئەو گوڵێکی ڕۆز بوو...ئەوەندە سوور بوو کە تەواوی رەشایی دارەکەی شارد بووە.

ئیمیلی:)پێ دەکەنێ(گوڵێکی ڕۆز...ئەویش لە سەر دارێکی سووتاو...دەیسان دەتهەوێ بڵێی چی؟

ماریا :دەمهەوێت بڵێم ئەوە مژدەیەکی خۆشە خاتوون،چۆن ئەو گوڵە سوورە،ڕەشایی ئەو دارە ڕەشەی شارد بووە بەهاریش ڕەشایی ئەو ماڵە دەشارێتەوە...بە تایبەت ئەگە کەسێک بە ئانقەست ئەو گوڵە ی لەوێی دا نابێ.

ئیمیلی: بۆ خەریکی بە ڕەمز و ڕازەوە قسان دەکەی...بناڵێنە بزانم دەڵێی چی؟

ماریا :خاتون منیش وەک تۆ هەوەڵێ وامزانی چاوم رێشکە پێشکەی دەکا،هەر بۆیە لە دارەکە چومەپێشێ و ئەو شتەی دیتم گوڵێکی سور بوو کە کەسێک لە قەڵشتی بەینی ڕەشایی و سپیایەکە ی دارەکە جێی کرد بووە...

ئیمیلی: لەوانەی با هێنابێتی...

ماریا : نا خانمەکەم کاری با نەبوو..جێگەی پۆتینی پیاوێک لەویا دیار بوو،پۆتینەکە زۆر بە قورسی لە نێو قوڕی بن دارەکە ڕۆشت بوونە خواریێ...زانیم دەبێت کاری پیاوێک بێت...گوڵەکەم کە هەڵگرت ئەم کاغەزە کەوتە خوارەوە...هەستم کرد دەبێت هەواڵێکی خۆشی تێدا بێت.

ئیمیلی :کۆا ئەم کووتە کاغەزەی باسی لێ دەکەیت؟

ماریا :)لە ژێر دامەنەکەی کاغەزێک دەردێنێت و دەیدات بە ئیمیلی(فەرموو خاتونەکەم.

ئیمیلی:)دەیخوێنێتەوە(گوڵێکی سور بۆ ئیمیلی...چ شۆخێکی بێ جێیە...

ماریا: دەستەکانت دەلەرزێن خانمەکەم...

ئیمیلی: تۆ بۆت نێ باسی لەرزینی دەستی من بکەی....کام گەمژە ئەو کارەی نابەجێیەی کردووە؟...تۆ بۆ لێرەی ماریا...هون بە لە بەر چاوم...

ماریا :خاتونەکەم وەرە بۆ جارێکیش بووە، ئەم رەش بینێ وەلا نێن،لێگەڕێن با هومێد بگەڕێتەوە بۆ ئەوماڵە...ئەو بۆنە نەفرەتیانە ی کە ئەو ماڵەیان دا گرتووە...لێگەڕێن با لە ناو بچن...لێگەڕێن بۆنی عەشق بکەین...بۆنی ئەوین داری...خاتونەکەم ئەو نامەی عەشقی تێدایە،لێگەڕێن با ئەو عەشقە وەک باڵندەیەک باڵ بگرێت و بنیشێتە سەر دڵتان...لێگەڕێن دڵتان رووناک بێتەوە...خاتوونەکەم تەنیا ئەوەندە بەسە کە تۆ دەرگای دڵت بە رووی ئەم باڵندەیەدا بکەیتەوە....

ئیمیلی: تۆ تەنیا رەشێکی بەدبەختی تۆ چ دەزانی لە عەشق و ئەوین داری...نام هەویێ چیتر لای من لەو قسانە بکەیت...باڵندە...من لە هەرچی باڵندەی بێزارم...هەرچی باڵندەیە من بیری ئەم کوندە نگریسە دەخاتەوە کە ساڵیانێکی زۆر خەوی لێ زەوت کردووین...من لە دیتنی هەرچی باڵندەیە قێزم دێتەوە...هیچ باڵندەیەک لە نێو دڵی من دا جێگەی نابێتەوە...چ بگە بە وەیکە نێوی ئەو باڵندەیشیان نابێ عەشق...برۆ لە بەر چاوم هون بە نەفرەتی...

ماریا: عاشق بە خانمەکەم...بەو گوڵە سورەیە کە ئورۆ بۆیان هێناون،دەست پێ بکە بە خۆشەویستی...ببورن هەر لە بیرم نەبوو گوڵەکەتان بدەمێ

)گوڵێکی سور لە ژێر دامەنەکەی دەردێنێ و لە پێش ئیمیلی دادەنێ،ئیمیلی بێ هیچ جوڵەیەک چاو لە گوڵەکە دەکات هیچ شتێک نالێ(

عەشق هەموو شتێکە خاتونەکەم...خۆشەویستی بکە خاتونەکەم...

)لە دەرگا شوشەیەکەوە دەچێتە دەرەوە،تەم و مژ لە پشت شوشەکە زۆر دەبێت، تاپۆکان دەکەونە گەڕ...ئیمیلی زۆر بە سەبرایی دەست درێژ دەکات و شاخە گوڵەکە هەڵ دەگرێت...دەنگی پاچ و پێمەڕە دێت...لە پشت دیوارە شوشەیەکە چەند کەس دەردەکەون کە تابوتێکیان لە سەر شانە...ماریا وەک مجەسەمە لە دەرەوە ڕاوەستاوە...ئیمیلی گوڵەکە دەخاتە بن لاقەکانی ...لە پاشان پڕ بە دەمی هاوار دەکات.تاریکی.(

زستانە

)ئیمیلی وەک دیمەنی هەوەڵ پیر بۆتەوە،دەم و چاوی لە ژێر تۆڕێکی ڕەش داپۆشراوە،جلەکانی ڕەش ڕەشن و لە سەر کورسیە راحەتێکەی دانیشتووە...گۆچانەکەی لە ناو دەستەکانی دایە...دەنگی موزیک فەزای شانۆکە دادەگرێت.(

ئیمیلی: چاو لە دەستەکانم کە چلۆن چرچ بوونە...ئیتر هێزیان تێدا نەماوە...گۆت لە منە پیاوەکە...زۆر لە مێژە دەمهەوێ بنووسم...دەمهەوێت لە عەشق بنوسم...تێدەگەیت...ئەم هەمۆ کاغەزە دەبینیت...ئەوانە بیرەوەرێکانی منن کاتێک لە ژوورە تەماوێکە دا لە عەشقێکم دەنوسی کە باوکێک لە کچەکەی زەوت کرد بوو...دەزانی چێ هۆمێر...من بێزارم لەو کاتانەی تەنیام...بڵام نووسین جوانترین جۆری تەنیایە ی ئازیزەکەم...تۆش وا دیارە گۆیەکانت گران بوون،هەرچی من دەیڵێم هەر نایبیسیت...ماریا وتی ژەمی بەیانی بۆ هێناوی...بەڵام هەرچی لە دەرگای وەتاخەکەتی داوە دەرگاکەت لێ نەکردووتەوە...زۆر ترسا بووین...بەڵام ئێستا دڵخۆشم کە هاتویەتەوە...چیتر بە جێمان مەهێڵە...دەزانی چییە؟عومرێکە بیر لەوە دەکەمەوە کێ ئەو بەرە بەیانیە بەهارێ،ئەو گوڵە سوورەی بۆ من هێنا بوو...هۆمێر ئەوە گەورترین پرسیاری تەواوی ژیانمە،دەزانی؟...تۆ هیچکات نەتوت کە تۆ بووی کە ئەو گوڵەت بۆ هێنا بوم...تۆ هەمیشە تەفرە دەڕویشتی...هەر بەڕاستی بۆ؟...ئایا هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە ڕاستەقینەم پێ بڵێیت...دیسان خەریکی هەر ئەو قسانە دوپات دەکەیەوە...من کە دڵنیام ئەوە کارە کاری تۆ بوو...من ئەو کات نەمدەتوانی هۆی ئەو کارە بزانم...ئەو کات من تازە لەو کونە گورگە نەجاتم ببوو...تۆم لە گەڵ پێاوە ڕەشەکانت دەدیت کە بە کۆڵانەکان دا دەڕۆیشتی و گۆرانیتان دەوت...تۆ لە بیرت ماوە کە ئەو گۆرانییە چ بوو...)دەنگی گۆرانێکی بێ مووسیقا دەبیسترێ،کە چند کەسێک بە یەکەوە دەیڵێنەوە(من هیچ شتێکم لەو گۆرانیانە فام نەدەکرد...دەزانی...بەڵام پیاوێکی لاوم دەدیت کە گۆرانی دەوت...دڵخۆش بوو...بە دەنگ خۆشەکەی گەرم دەبوومەوە...دەمزانی کە کاربەدەستی شارەداریت...

دەزانی کاتێک ماریا ئەو گوڵە سورەی بۆ من هێنا... بێ ئیختیار بیرم لە تۆ کردەوە...تا ئەوەیکە دوای دوسێ ڕۆژ خۆت هاتی...ئەو کات دڵنیا بوومەوە کە ئەو گوڵە هی تۆ بوو...کاتێک قسەت لە گەڵدا دەکردم...بە دەنگە بلاوێنەکەت،دەدبردم جیهانێکی دیکە...تۆ هیوات گەڕاندەوە بۆ من و ئەو

ماڵە...لەو کاتە دا نەمدازانی بگریم...پێ بکەنم یا ئەویکە تورە بم...هەستێکی سەیرم هەبووهۆمێر بارۆن...تۆ ڕێک چاوت لە چاوم بڕی بوو...بۆ من زۆر سەخت بوو کە هەست بە عەشق بکەم بەڵام ئەو هەستە تەواوی ناخمی تەنی بوو...سەیر بوو هۆمێر زۆر سەیر بوو کەسێک ئەو هەستە بکات کە خۆی بە دەستەکانی خۆی عەشقی لە خاچ دا بێت...گۆت لێیە هومێر،من دەمهەوێت باسی ئەو عەشقت بۆ بکەم کە مرد بوو بەڵام تۆ بە هاتنت دیسان زیندووت کردەوە...دەزانم تامەزرۆی بیستنی...بەڵام بەر لە هەموو شتێک تۆش دەبێت چیرۆکی گوڵە سوورەکەم بۆ بگێڕییەوە...چ بوو دیسان؟بۆ کۆ دەڕویت بوەستە...من چیرۆکی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە تۆش ئەگە هەویستت دوای من باسی ئەو گوڵە سوورەم بۆ بکە...گۆت لە منە ئازیزەکەم...

)ئیمیلی وەک کچێکی بیست ساڵەی لێ دێت و لە جێگاکەی هەڵ دەستێت...تۆڕە ڕەشەکەی فڕێ دەدات...تاشەیەکی نور لە سەری هەڵدەبێت...(

ڕێک ئەو کاتەی لە ناو ئەو وەتاخە تەنگ و تاریکە دا  دەمهەویست کۆتایی بە ژیانم بێنم...پشیلەیەک پەیدا بوو...ئەو بریندار بوو بە جۆرێک کە زۆری نەخایاند هەر لەوێ مرد...بێچۆیەکی پێ بوو کە لە دەست مرۆڤەکان ڕزگاری کرد بوو...ئەو بێچوویە سپی سپی بوو دەتکووت بەفرە...من نێم نا بەفرین...بەفرین تەنیا هۆیەک بوو کە ورەیە پێ بخشیم کە زیندوو بمێنمەوە...ئەوە وەک دایکی قسەی دەکرد...نازانم یا شایەدیش من وام بیر دەکردەوە...ڕۆژگارێکی تاڵم تێ پەڕاند بوو...بەڵام ئەو پشیلە ی دونیاکەمی گۆڕی بوو...دو دانە کچی چارە ڕەش بووین،کە تەواوی جیهانەکەمان ببووە ئەوە وەتاغە تەنگ و تاریکەی من...بە یەکەوە خۆش بووین...تەواوی ڕۆژ کایەمان دەکرد...بەڵام کات تەواوی ئەو دڵخۆشیانە ی لێ ئەستاندینەوە...ئەو بە جۆرێک بە تیژی تێپەڕی،کە نەمزانی چ قەوماوە...بەفرین گەورە ببوو...ئیتر نەمدەتوانی لە وەتاخەکەم دا بیهێڵمەوە...دەڕویشتە دەرەوە و تا درەنگان نەدەهاتەوە،دایمە نیگەرانی بووم...خەفەت دەخوارد...لێی تورە دەبووم.تەواوی کەلێن و قوژبنەکانی دیوەکەم گرت بوو بۆ ئەوەیکە لە ژورەکە نەچێتە دەرەوە،بەڵام ئەو دیسانیش هەر هوون دەبوو...

تا ئەوەیکە رۆژێک لە تاریکایی ژوورەکەم دا دەنگێکی نامۆم گۆ لێ بوو...دەنگی پشیلەیەک بوو...بەڵام دەنگی بەفرین نەبوو...بە شوێن دەنگەکەدا گەڕام...تا ئەوەیکە لە قولینچکی دیوەکەم دا لە ژێر کۆڵێک شڕ و شاڵات چوار چاوم بینی کە دەبریقانەوە...چومە پێشتر...یەکیان بەفرین بوو...ئەو بێ دەنگ دانیشت بوو چاوی لە من دەکرد...بەڵام لە تەنیشتیەوە پشیلەیەکی زەردی گەورەی لێ بوو...لە ناکاو ترسێک تەواوەتی ناخمی داگرت...نەکا بەفرین عاشق بو بێت...ئەو بۆی نەبوو کارێکی وا بکات...هاوارم کرد...دور کەونەوە لە بەر چاوم نەفرەتیانە....ئەوانیش ڕایان کرد و دیار نەمان...دو سێ رۆژ دواتر بەفرین گەڕاوە...من خەوم لێ کەوت بوو...بە دەنگی ئەو هەستام...چاوەکانی بری بووە چاوەکانم...پێش ئەوەیکە کارێک بکەم پرسی...تۆ هاوڕێکەی منت خۆش ناوێت؟... من لە هەموو نێرینەیەک بێزارم،

ئەو وتی؛بۆ ماریا؟

وتم: تۆ لە من باشتر دەزانی بۆ...تکایە جارێکی تر ئەو کارە مەکەوە...تکایە ئیزن مەدە جارێکی دیکە هاوڕێکەت بگەڕێتەوە بۆ ئێرە...

ئەو ووتی:ئیمیلی تۆ لە هەڵە دایت...ژیانت بۆتە ئەو چوار دیوارێ ڕزیوە...خۆشت خەریکی لە ناخەوە ددەرزێیت...مەهەێڵە ئەوە ڕوو بدات...

کێ ووتویە من خەریکە دەڕزێم،جوان چاوم لێ بکە من زۆر باشم.

-ناخت ڕەش بووە...هەستە لەو تاریکە سەلاتە خۆت ڕزگار بکە.

-باوکەکە ناهێڵێت بەفرین

-ئێستا برۆ خوارەوە،چاو لە چاوی باوکت بکە و پێی بڵێ دەمهەوێ بۆ خۆم ببم

-گۆ ناداتێ...لە ئاکام دا بە تفەنگەکەی مێشکم بڵاو دەکات

-ئەو وا ناکات...هیچ کەسێک تەقە لە کچی خۆی ناکات...

-ئەو دەیکات،نەفرەتی ئەو دەیکات...ئەو تەواو شێتە...دەزانی شێتە

-هەستە برۆ دەرەوە،برۆ ناو شەقامەکان...برۆ لە گەڵ خەڵکی قسان بکە،پێ بکەن...هەڵفڕە ئیمیلی...هەڵفڕە

-ناتوانم...ناتوانم،ناتوانم

-جوان چاو لە من بکا جوان چاوم لێ بکە...

له پاشان زۆر به نەرمی لە تەنیشتم ڕەد بوو،چاوەکانی برێ بووه چاوم،ڕویشت بۆ لای دەلاقەکەو خۆی فڕێ دا خوارەوه،ئاگام لێ بوو کە لە نێوان ئاسمان و زەوی دا هەڵ دەفڕی،لاقی کە گەیشتە خوارێ...

-هەڵفڕە ئیمیلی،هەڵفڕە

ئەگە تاقەتت هەیە ئێستا گوێ بگرە،چی وا تێ نەپەڕی بوو کە پشیلە زەردەکەی هاوڕێی بەفرین هاتە ژورەوه،ئەمنی نەدی بوو،دەمزانی کە بە شوێن بەفرین دا دەگەڕا،من ئەو ڕۆژە لە نێو جێگا و بانەکەم دا بیرم لە قسەکانی بەفرین دەکردەوه...کە ئەو دیمەنم بینی،پشیلە زەردەکە بێ هیچ ترسێک لە من هاتۆتە ژورەکەوه...زۆر تورە بووم...لە نێو جێگاکەم دا خۆم لە خەو کرد،ئەوەندە لەو حاڵەتە دا مامەوه تا ئەوەیکە پشیلە زەردەکە تەواو لێم نیزیک ببووه،لە پڕ نازانم چ ڕووی دا،مەلافەکەم بە سەری دادا،پشیلە بێچارەکە لە ترسان خۆی هەڵاویشت کە لە ژێر مەلافەکە ڕزگاری بێ،بەڵام مەلافەکە زیاتری گرفتار کرد و لە خۆی پێچا...منیش زوو خۆمخستە سەری و ڕێگای دەرباز بوونم لێ وەرگرتەوه...پشیلەکە زۆر ترسا بوو...دەستم بردوو بن ملیم دۆزیوه،دەستم کرد بە فشار دانی ملی...ئەوەیکە دەڵێن پشیلەکان نۆ گیانیان هەیە،هەڵەیان نەکردووه،تا دەهاتوو دەستم زۆرتر لە قورقڕۆچکەی قاییم دەکرد،زۆرتر حەولی ڕزگاری خۆی دەدا،بە چنجڕووکەکانی،تەواوی دەستەکانمی کرد بوو خوێن،چی وای نەما بوو کە ماندوو بم،کە لە ناکاو کوتکێکی کۆن هاتە بەر دەستم،کوتکەکەم کێشا پێش خۆم و بە تەواو توانام کوتکێکم لە سەری ڕاکێشا،سەر بە عەرزەکەوه پان ببووه،کە چی جەستە ی هەر وا حەولی هەڵاتنی دەدا...قەت بینیوتە پشیلەیەکی بێ سەر لە پێش دەمت سەما بکا...من دیتم،لە هەوەڵێ دا زۆر ترسا بووم،بەڵام لە دوواتر پێ کەنیم زۆر پێ کەنیم...من توانی بووم بەفرین ڕزگار بکەم،کە نەکەوێتە چنگی نێرینەیەک...بۆ ئەوەیکە بەفرین حاڵی بکەم کە هەموو شتێک تەواو بووه...بە دو دار خاچێکم دروست کردوو پشیلەکەم بە پێنج بزمار لەو خاچە دا...لە بەرامبەر پەنجەرەکە دامنا تا بەفرین ببیبنێت...

بەفرین گەڕا بۆ وە چوو سەر دارەکە ئا لەوێ دانیشت بوو...دەزانی فەقەت چاوی لێ دەکردم...مانگێکی تەواو بێ هیچ جوڵەیەک لەوێ ماوه...خەریک بوو دەیترساندم...تەرمی پشیلە زەردەکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بۆنی دەگرت،بۆنی گەنیوی عەشق تەواو دیوەکەی داگرتبوو...تا ڕۆژێک بەیانی هەستام دیتم،نە بەفرین لەوێ ماوه و نە تەرمی لە خاچ دراوی پشیلە زەردەکە...چوومە لای دارەکە...لە ناکاو سێ دڵۆپم خوێن دیت،کە لە ژێر دارەکە ڕژا بوون...ترسام،زۆر ترسام...شەوێ درەنگان گوێم لێ بوو کە کووندێک لە سەر دارەکە و لە شوێنەکەی بەفرین دەخوێنێت...دەم دیت بەڵام نەمدەتوانی لێی نیزیک ببمەوه...کە دەچومە پێشێ هوون دەبوو بەڵام دەنگی هەر وا دەهات...هەموو بەیانیانیش لە ژێر دارەکە سێ دڵۆپی خوێن لێ

بوو...ڕۆژێک دارەکەم ئاگر تێ بەر دا ،لەوێ دانیشت بوو،دروست لە سەر دارەکە چاوی لە من بڕی بوو،تەواوی دارەکە سوتا بەڵام ئەو هەر نەسووتا)پیر دەبێتەوە( سەرمام هۆمێر...زۆرم سەرمایە...هۆمێر مەهێڵە ئەم کوندە نگریسە بێتە ژورەوە تکات لێ دەکەم...هۆمێر تکات لێ دەکەم ئەو دەمترسێنێت دوری خەوە...هۆمێر چیرۆکی ئەو گوڵە سوورم بۆ ناگێڕییەوە...من چاوڕوانم....

)خەوی لێ دەکەوێت(

وەرزێک پێش تەواو بوون

)ئیمیلی لە بەشی پاییزی شانۆکە دا چاوارِوان دەکات،پرۆشە،

لە ناوەڕاستی شانۆکەش دا ماریا بە تفەنگەکەیەوە ڕاوەستاو؛

لە ڕاستی دا لەو بەشە هەر کەسە و لە گەڵ خۆی قسە دەکات(

ماریا :ئمڕۆ هۆمێر جانتاکانی بە شانی دادا و بۆ هەمیشە لەو شارە دەرکەوت.

ئیمیلی:)هاوار دەکات(هۆمێر لە گەڵ تۆمە نەفرەتی بگرێوە ئێرە....

ماریا: ئەو ڕۆیشتەوە بەرەو باکوور....دوینە دیلە ڕەشەکانیش ڕۆیشتنەوە...کەس نەماوە لێرە ئیمیلی هۆمێر لە هەر شونێک بی دەد دۆزمەوە...بەڵێنت پێ دەدەم دەد دۆزمەوە

ماریا : هۆمێر دەیوت ئێر ولاتی ڕەشەباکانە...هەوایەکەییم پێ خۆش نێ...بارانەکان سەمیان دەگەڵە...بەفرەکانی بۆنیان دێت...بۆنی لاشەی مردوو دەدەن ئیمیلی دەزانم دەگەڕێیتەوە،دەزانم ناتوانی بێ ئێرە ژیان بکەیت...من دەزانم ماریا ڕۆژێک ووتی ماریا دەمهەوێ نهێنێکت پێ بلێم.

ئیمیلی: یانکێکی گەڕاڵ ناتوانێت هەموو شتێکم لێ بستێنێت...دەزانی...ئێستا کە تەواوی

خەڵکی شار من و تۆیان بە یەکەوە دیوە،تۆ نەدەبا ڕۆیشتبای...دڵنیا بە ماڵ وێرانت دەکەم هۆمێر

ماریا: ووتی هەموو شتێک وەک گەمەیەکی مناڵان دەچوو...وتم مەبەستت چییە گەورەم؟وتی ئەو گوڵە سورە ئەمن ئا لەویێم دانا بوو...وتم بە ڕاستیتانە

گەورەم...ووتی،کوتم زیاتر گەمەیەک بوو بۆ پێ کەنین،من هیچکات ئیمیلیم خۆش نەویستووە

-یانی چی گەمە بوو؟خاتون عاشقتان بووە

ئیمیلی: من فەیتونێکم دەوێ زووتر...من دەڕۆم بەرەو باکوور.

ماریا :من خۆشم ناوێت ماریا

-یانی چی گەورەم ئەو بزانێت شێت دەبێت

-لە بیری دەکات ماریا...من دەڕۆمەوە بەرەو باکوور و هەموو شتێک کۆتایی دێت.

ئیمیلی: من لەم وڵاتە پان و بەرینەدا ئەو لە کۆ ببینمەوە...من تەنیا وێنەیەکم

لەو پێیە...خانمەکان...ئاغاکان...من بە شوێن خاوەنی ئەم وێنەیە دا دەگەڕێم تکایە یارمەتیم بدەن بیدۆزمەوە...هەرکەس بیدۆزێتەوە خەڵاتی دەکەم...تکاتان لێ دەکەم.

ماریا: تکاتان لێ دەکەم مەڕۆن...خانم شێت دەبێت،ئەو ئەسڵەن حاڵی باش نییە.

-پێت وایە بۆ تا ئێستا لێرە ماومەتەوە ماریا؟بەڵام چیتر ناتوانم بمێنمەوە

-بەڵام ئێوە خۆشەویستی خۆتان پێشکێش کردووە!

-دەست هەڵگرە ماریا،کووتم کە ئەوە فەقەت گەمەیەکی منالانە بوو.

ئیمیلی: زۆر شار بە دوی دا گەڕام...تا ئەوەیکە ڕۆژێک زۆر لە ناکاو یەکێک

لە دیلە ڕەشەکانی هۆمێرم دۆزییەوە...هۆی کۆڕە لە گەڵ

تومە...ئەرێ تۆ وەرە ئێرە

ماریا :ئەو وتی،تەواوی شار باسیان لە باوکێکی دڵ ڕەق دکرد کە کچەکەی لە ماڵەکەی دا لە وەتاغێک تاریک زیندانی کردووە،تا ئەوەیکە نەتوانێ ببێتە خۆشەویستی پیاوێک.

ئیمیلی: پێم بڵێ هۆمێر لە کوێیە...نایناسیت؟!ئەمە وێنەکەیەتی...تۆ درۆ دەکەیت...من هەمیشە

تۆم لە گەڵ ئەو دا دەبینی.من هەمیشە تۆم لە پێش دەستەی کرێکارەکان دەدیت کە لە گەڵ هۆمێر بە یەکوە دەڕۆیشتن و گۆرانیتان دەکووت...قسە دەکەی ،یا وە قسەت بێنم،زووکە...

-ببوورن خاوون من نازانم باسی کێ دەکەن...من لە تەواوی ژیانم دا هۆمێر ناوێکم نەناسیوە

ماریا: دەیووت تامەزرۆ بووم...کە ببینم ئایا شتێکی وەها بوونی هەیە...یا خود شایەعەیە...من گرێوم کرد بوو لە گەڵ هاڕێکانم کە بچمە کۆشکی ئەژدیها و وەک پاڵەوانێک شازادە خاتون لە بەند ڕزگار بکەم...هاوڕێکانم پێم پێ دەکەنین و دەیانکووت شێت بووی...منیش کە عاشقی سەرکێشی کردن بووم.

ئیمیلی: دەتهەوێ هاوار بکەم و بڵێم ئەم قوولە زەنگییە دزی لێ کردووم

-ئێوە گاڵتەم پێ دەکەن خاتون...من هیچکات دزیم لە ئێوە نەکردووە

-بەڵام ئەگە من بڵێم کە کردووتە،پێت وایە ئەوان قسەی من قەبوڵ دەکەن یا تۆ؟

-خاتون ئێوە هیچکات ئەوکارە ناکەن...من هۆمێر ناناسم

-هاوار بکەم ڕەشی بەدبەخت؟

ماریا: هۆمێر ووتی گوڵێکی سورم هێنا و لە قەڵەشتی دارەکەم نا و نامەیەکم نوسی و هەر لەوێ دامنا،لە نامەکەدا نووسی بووم بۆ ئیمیلی...چاوڕێم بووم ڕۆژێک بابەکە بیبینێت،دە ڕۆژ پشت سەری یەک ئەوکارەم کرد...تا ئەوەیکە ڕۆژێک تۆ بینیت و هەستم کرد کە ئێستا بابەکە بە تفەنگێکەوە ڕا دەکاتە دەرەوە و دەست بکە بە جنێو دان...

ئیمیلی: دەزانیت کە لە هەمبەر من دا هیچ شانسێکت نییە...دەزانیت کە هەر ڕەشێک دزی

بکات دەستی دەبڕنەوە،دەی ڕەشی پێ دەستیش بە کەلکی کەس نایەت،هەر بۆیە لێی دەگەڕێن کرم هەڵ بێنێت تا بمرێت

-بەڵام خانم...

-هاوار دەکەم

-باشە خاتون،تکاتان لێ دەکەم دەنگ بەرز مەکەنەوە

-قسە بکا

--ئەو ووتی دەیهەوێ بگرێتەوە باشوور

-کەی؟دەنگت لێوە بێت کەی گەڕاوتەوە

-دوێنێ ئێواری

-)هاوار دەکات(ئەم ڕەشە نەفرێتێ بگرن،دزی لێ کردووم

ماریا :ئەو دەیووت کە چەند ڕۆژ گووزەرا و خەبەرێک نەبوو...تا ئەویکە ووتیان باڵی ئیمیلی مردووە و بۆنی تەرمەکەی تەواوی شاری پڕ کردووە...دواى ئەویکە ئیمیلی ئیزنی دا باڵی

بنێژرێت...شارداری فەرمانی کرد کە بچینە ماڵکەو،ماڵکە لە هەرچی بۆنە پاک بکەینەوە،هەر چەند ئەوەمان بە ئیمیلی نەکووت بوو...دەرفەتێکی باش بوو بۆ من کە بتوانم ئەو شازادە خانمەی ساڵیانێک زۆر بوو لە بەند دا بوو ببینم...زۆر سەیر بوو ماریا ....لە یەکەم دیدارمان دا ئەو شتەی من بینیم زۆر سەر سوڕ هێنەر بوو،ئەو زۆر جوان بوو ،زۆر جوانتر لەو شتەی بیرم لێ دەکردەوە

ئیمیلی :گەڕامەوە بۆ باشور...لە فەیتونەکەم دا دانیشتبووم...خەڵکی ئاماژەیان پێ دەکردم ...

-ئیمیلی بێچارە سەیری کەن چەندە خەمینە،دوای ساڵیانێک زۆر کەسێکی دۆزیەوە کە چی ئەویش کڵاوی لە سەر نا

-خەتای خۆیەتی هێندە ژنێکی بێ بەزەیەی کەس لە گەڵی نامێنێتەوە

-من کە دەڵێم حەقی خۆیەتی ئەو سۆزانێ بێچارەیە

-لە وەتی هۆمێر ڕۆشتووە شێت بووە

من یەکسەر چومە شارەوانی ،کووتم دەمهەوێ هۆمێر ببینم...ئەوانیش ووتیان لێرە نەماوە ڕویشتۆتەوە...بەمنیان ووت گەڕاوەتەوە بۆ باشوور...ئەوانیش ووتیان خاتوون باشوور چەند ئیاڵەتی دیکەشی لێیە،خۆ هەر ئەو ئیاڵەتە نییە.

ماریا : دەیووت شتێک لە زاتی ئەم ژنە دا هەیە کە زۆر ترسناکە،زۆر لە حەد ئارامە...من لەو ئارام بوونەی دەترسم...پێم ووت دەی ئاغا ئێوە دەبا زووتر واتان پێ کووتبا...

نەک ئەویکە دڵی لێ بستێنن...دەزانن لە دوای ڕۆشتنتان چی بە سەر دێت...دەیووت ماریا سەرکێشێکی سەیر لەم ژنەدا هەیە...ووتم ئاغا تۆ ئەوت خۆش دەوێت وایە؟...وتی هیچکات خۆشم نەویستووە...من تەنیا دڵم بە حاڵی سووتا.

ئیمیلی :تەواو هیوام بۆ دیتنەوەی ئەو لە دەست دا بوو...نەم دەزانی لە کۆ بە شۆنی دا بگرێم...چوومە سەم فرۆشێک...

-بێ زەحمەت پوودری ئارسنیکم دەویست

-ئارسنیک؟!

-بەڵێ ئاغا

-دەکرێت بپرسم بۆ چیتان دەوێت خاتوون

-من پوودری ئارسنیکم دەوێت ئاغا

-بەڵێ گۆم لێ بوو...بەڵام بۆ چ کارێکتان دەوێت

-ببینن بەرێز من پودری ئارسنیکم دەوێت.

-خاتون فۆشی پودری ئارسنیک فرۆشەکەی بێ جەوازی دەوڵەتی قەدەغەنە،تکایە شەرمان بۆ دروست مەکەن.

-چ شەرێک بەرێز،من تەنیا برێکم پوودر دەوێت،هەر ئەوەندە.

-ناتوانم خاتوون

پارەیەکی باشم دایە تا ڕازیم کرد.

ماریا: هەر ئەوەندە،دڵتان بە حاڵی سووتا...نەتووت کە حەقتان نێ گەمە بە هەستی ئینسانێک بکەن...

-هیچکات بیرم لەو شتانە نەکرد بووە ماریا،ئاگاداری بە ،من دەگەڕێمەوە بۆ باکوور...هیچ شتێکی لە بارەی قسەکانی ئەورۆمان بۆ مەگێڕەوە...

-تکاتان لێ دەکەم مەڕۆن...خاتوون شێت دەبێت...

ئیمیلی :من تازە بێ هۆمێر ناتوانم بژیم،ژیان بێ ئەو هیچ مانایەکی نامێنێ...بگەمەوە ماڵ کۆتاپی بە ژیانم دێنم...ئەگەر نەمردم چی؟...دەبمە گەپ جاڕی خەڵکی...نا ئەم پوودرە

ئارسنیکە ئەوەندە زۆرە کە فیلێک لە لاق دەخات...دەرگای ماڵەوەمان بۆ کراوەتەوە...ئەم ماری گەمژەیە دیسان لە بیر چووە دەرگاکە داخات...ماریا ...

ماریا -سڵاو ئیمیلی

-خودای گەورە،بزانە کێ دەبینم،هۆمێرِ ئەویش لێرە لە ماڵی خۆم دا

دیسان بەهار

"لە پشت دیوارە شووشەیەکەوە پیاوێک لە حاڵەتی ڕۆشتن دایە،ئیمیلی سەرتا پا سپی لە بەر کردووە و چاو لە ڕۆشتنی پیاوەکە دەکات،سێ تابووت لە تەنیشت یەک داندراون،ڕەبەنێک خەریکە دووعایان لە سەر دەخوێنێت"

ئیمیلی: دیسان بەهار هاتەوە...تەواوی دارەکان سپیان پۆشیوە و گوڵی سوریان دەرداوە...هاوار

لە دەستی گوڵە سوورەکان...من لە تەک تەکی گوڵە سوورەکانی جیهان بێزارم...دەمزانی ڕۆژێک جێمان دێلیت...ئەما ئەوجارەیان ناتوانیت زۆر دوور بیتەوە...ئەم کووندەم هێشتا نەکووشتووە...گوناحی ئەو بوو کە ئەو چارەنوسەی بۆ من هەڵبژارد...چل ساڵ خەوتن و ئەویندارى لە گەڵ مشتێک ئێسقان...هەستێکی سەیرە....ژنێک دوای پازدە ساڵ دووری لە خەڵک ڕۆژێک دەردەکەوێت،بۆ ماوەیەک ئەویندارى دەکات،ماوەیەکی زۆر کوورت،دواتر بۆ چل ساڵ هوون دەبێتەوە...پێم وایە بەفرین توانی تۆڵە بستێنێتەوە...ماریا دەڵێت ئەو ڕۆ کووندەکە نەهاتووە...دەزانی ئەو ئێستا گوولەیەکی بە مێشکی خۆی دا تەقاند...مرد هۆمێر...ماری مرد...گۆت لێیە هۆمێرِ من و تۆ چل ساڵ بە یەکەوە قسەمان کرد...بێ ئەوەیکە چرکەیک لێک دوور ببینەوە...هەڵبەت وایە تەنیا من قسەم کردوو تۆ گۆت دایە...کاتی ئەوە هاتووە بڕۆین لەو ماڵەی...ئامادەیت...

چاک بوو هاتییەوە هۆمێر...ئەگە نەهاتبایەوە خۆم دەکووشت،پوودری ئارسنیکم وەرگرتبوو...بۆنەکەییت بۆ هات؟...درۆ دەکەیت ئەی بۆچی؟....تۆ لێم دڵگران بووی؟...قسەم بۆ بکە دەمهەوێ گۆم لە دەنگت بێ...کاتێک کە گرِا بوویەوە و کووتت دەمهوەێ بۆ هەمیشە لە لات بمێنمەوە...زۆر دڵ خۆش بووم...کاتێک ووتت ئیتر هیچکات جێت ناهێڵم...کاتێک ووتت زەماوەند دەکەین...ئەسڵەن تۆ ڕازی لە گەڵ یانکێک زەماوەند بکەی؟دەتکووت خەون دەبینم...خودایە گیان چ ڕۆیایەک بوو...تۆ وەک منالێکی چکۆڵە ترسا بووی...تۆ ئەو شەوە بە پێچەوانەی شەوەکانی تر زۆر منت زۆرتر قسە کرد...باسی هەموو شتێکت کرد...ئەو شەوە من دڵ خۆشترین ژنی جیهان

بووم...شەوێ کە چووین بخەوین ،تۆ زوو خەوت لێ کەوت کە چی من لە مێژ ساڵ بوو خەوم لێ نەدەکەووت...لە دەرەوە ڕا گۆم لە دەنگێک بوو...وە شوێن ئەو دەنگە کەوتم...پەنجەرەکەم کردەوە کەس لە دەرەوە نەبوو،تەنیا ئەو کوندە لە سەر دارەکە دانیشتبوو و دەیخوێند...هەستم کرد شتێک بە پڕتاو خۆی کرد بە ژوورەکە دا...خوای گەورە شتی وا نابێت...تۆی بەفرین...دوای ئەو هەمووە ساڵە هاتوویەتەوە؟تۆ لە کۆ بوویت؟ -ئەم نێرینەیە کێیە ئیمیلی؟

-بەفرین وەرە ئیتر بۆ هیچ شۆنێک مەچووە،من و تۆ بە یەکەوە بۆ هەمیشە لەو ماڵە دا دەمێنینەوە.

-بەس خۆم و خۆت...ئەم نێرینەیە چی لێ دێت...ئیمیلی ئەویش لێرە دەمێنێتەوە

-ئەو بە جۆرێکی دیکە دەمێنتەوە

-چ جۆرێک ئیمیلی؟من تێناگەم.

-ئەو هەمیشە لە تەختەکەی دا دەمێنێتەوە...هیچکات لەو تەختەی نایەتە خوارەوە

-دەڵێی چی ئیمیلی

-لە بیرت چۆتەوە من عەشقم لە خاچ دا بوو بەفرین.

-پێ دەنگە بە ئیمیلی...کەس ناتوانێ عەشق لە خاچ بدات

-تۆ بە چاوی خۆت دیتت کە چلۆنم لە خاچ دا بوو

-بەڵام ئیمیلی ئەم پیاوە عەشقە...ئەوە نیشان دەدات کە تۆ سەر نەکووتویت لە کووشتنی عەشق دا.

)لە کاتێک دا کە پێ دەکەنێت(

ئەو عەشق نییە،بەفریین،پیاوێکە کە دڵی بە حاڵی من سووتاوە و دەیهەوێت لە چارە ڕەشی ڕزگارم کات.

-دەی ئیزنی پێ بدا وابکات ئیمیلی

-ئەو زۆر لە حەد ترسەنۆکە بەفرین

-دیسان دەستت پێ کرد ئیمیلی

-ئەو ڕۆشت بەفرین تەنیا جێی هێشتم

-بەڵام گەڕاوە ئیمیلی

-عەشق نابێ بڕوات تا بگرێتەوە بەفرین.

-جار جار دێتە پێشێ

-بەفرین تۆ ڕقت لە منە

-لە ناخی دڵمەوە.

-ئەی بۆ گەڕایەوە

-گرامەوە بڵێم،عاشق بە ئیملی،ئەویندارى بکا

-دەکرێت بەو کوندە بڵێیت جێمان بهێڵێت

-ناتوانم ئیملی...ئەو گۆ ناداتە من

-بەفرین لەو ڕۆژەوە کە عەشقم لە خاچ دا ،ئەو کوندە دێت،لەو دەمەوە نەیهێشتوو خەوم لێ بکەوێت.

-ئیملی ئەوینی ئەم پیاوە دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەم کوندە بڕۆ،بەس خۆشت بوێ،عاشقی بە

-ئەو تازە ناتوانێ بڕوات بەفرین،ئەو هێندە لەو تەختە دا دەمێنێتەوە تا تەنیا ئیقەکانی دەمێننەوە،ئێمە هەموو شەوێ وەک تازە بووکێک و تازە زاوایەک پەیمانەکەمان نوێ دەکەینەوە -من نازانم چ ڕوو دەدات ئیملی،بەڵام ئەم پیاوە ڕزگارت دەکات....من خەوم دێت دەبێ بڕۆم...عەشق ئیملی...عەشق

)ئیملی لە ڕۆلی پشیلەکە دێتە دەرەوە دەست دەکا بە گریان(

جێم مەهێڵە بەفرین،ئەم پیاوە هیچ قسەیەکی بۆ گوتن پێ نێ،هەرچی هەرای لێدەکەم جواب ناداتەوە...ئەو نیو کیلۆی پوودری ئارسنیک خواردووە...دەزانی چییە ئاوا باشترە...ئەو ئیتر بۆ هەمیشە ئی منە...بەفرین ئەو پودرەی دەمهەویست خۆمی پێ بکووژم،دەرخواردی ئەوم دا...بۆم لە قاوەکەی کرد...من عەشقم بۆ هەمیشە لای خۆم هێشتەوە...تازە ئیتر ناتوانێ بۆ هیچ شۆنێک بڕوات...دەزانی....لەو بەدوا ئێمە هەر شەو دەست لەملان یەک دەنووین...ڕۆژەکانیش بە یکەوە قسە دەکەین و چێژ لە یەکتر وەر دەگرین...دەزانی بەفرین منیش هەر وەک تۆ ماندووم...دەمهەوێت بۆ هەمیشە لە باوەشی ئەم پیاوەدا خەوم لێ بکەوێت...

)پیر دەبێ(

**دەبینی پیاوەکە چل ساڵ بە یەکەوە ژیانمان کرد،بێ ئەویکە تۆ تەنانەت وشەیەک قسە بکەیت...چل ساڵ ترمەکەت لە باوەشی گەرمی من دا تواوە و کە چی هیچکات من باوەشی گەرمی تۆم هەست پێ نەکرد...ئێستا هەر دوکمان مردووین...گۆ بدەیە خەڵک دەڵێن چی...**

**دەنگی ژنێک:جەنابی کۆمیسێر ئەورۆ ڕازی بۆنە ناخۆشەکانی ماڵی ئێمیلی گرێسێن دوای چل  ساڵ دوزراوە...دوای چل ساڵ توانیمان بچینە ئەو ماڵەی کە بۆنە ناخۆشەکانی لەو شارە دا**

**بڵاو دەکردەوە،شتی وەها لە مێژووی ئەو شارە دا بێ وێنەیە،ئێمە توانیمان لە یەکێک لە دیوەکان دا ئێسقانی پیاوێک بدۆزینەوە کە وێ دەچێت چل ساڵ لە مەو بەر ژەهر خوارد کراوە و کوشتراوە،ئەو پیاوە ناوی هۆمێر بارۆنە.**

**تەواو**

**ئیبراهیم ئیبراهیمی**